# ١٦ی ٣ی ١٩٨٨ له یاداشتی خواوەندەکاند ...

هەندرێن حەمەدەمین

له رۆژێکی وەک ئەمرۆ بوو، ژن و پیاوەکانی هەلەبچە، دوور له یاری مندالەکانیان، روویان له ئاسمان کردبوو و ئەپاڕانەوە.... خودایه بیبارێنی.....رەحمەتی خۆتمان به سەردا ببارێنی....
فریشتەیەکی سپی دوعاکانی له بوخچەیەک کۆکردنەوە و بەرەو کۆشکی خودا کەوتە رێ.
خودا خەریکی خوێندنەوەی قورئان بوو، بۆ خەلوەتی خۆی دەرگای له کەس نەکردەوە، فریشتەکە له هیلاکی چاوەڕوانی له سەر پیپیلکانەی بەر دەم کۆشک، له پال بوخچەی دوعاکاندا، چاوەکانی لێکنا.
فریشتەی بەستەزمان به شەقی پۆستالەکانی (علی حسن مجید) ڕاچلکا، واقی ورما له ددانە تیژەکانی(علی کیمیایی)، کاتێک که بینی بوخچەکه ئەکاتەوە. دوعاکان زەرد ببون به لاوازی به رووی (کیمیاویدا) کرانەوە.
علی کیمیایی یەکەم جار به بزەیەکی ئەهریمەنیانە و دوایش به قاقایەکی شەیتانیانە گوتی:
من ئەیبارێنم من.
یەکەم بارین، چۆلەکەکانی هەڵوەراند.
دووەم بارین، بەژنی درەختەکانی له سەرەوە بۆ خوارەوە ئەسوتاند.
سێیەم بارین، موعجیزەیەک بوو، ئەرز و ئاسمانی راچلەکاند.
کەس نەیئەزانی ئەوە چ رۆژێکه! کەس نەیئەزانی ئەوە چ دیمەنێکه!
خەلکانێک هاتن گوتیان ئەوە خەوە به سەر ئەم شارەدا باریوە.
ئەوانیتر پڕ به دەنگ هاواریان ئەکرد:
خەوی چی ئەوە مردنه مردنننننننن .
وەرن زووکەن با گۆڕێک بۆ ئەم شارە هەلکەنین.
شار مردووە، شاااااااااااااااار.
خواوەندەکانی یۆنان، له ئاسمان شۆڕ بوونەوە، هەر چەند ئەیانکرد پەردەی ئەو کیمیایەیان پێ نەئەبڕدرا، که به سەر هەلەبچەدا درابووووووو.
خواوەندەکان هاواریان نه ئەگەیشته کەس، تا پێیان بلێن: لێیان گەڕێن، دەستیان لێ مەدەن، ئەوانه خەوتوون خەوتوون، لێیان گەڕێن هیچ یەکێکیان نەمردوون.
ئێوە چۆن بڕوا دەکەن پێنج هەزار کەس، له یەک کاتدا، له یەک ساتدا، به یەکەوە هەر هەموویان بمرن؟؟؟
بۆ ئیزڕائیل چەند دەستی هەیە؟؟؟ تا بتوانێت ئەم هەموو روحانه له یەک کاتدا بکێشێت؟؟؟ چەند قاچی هەیە؟؟؟ تا به هەموو مالێک و کۆلانێک رابگا؟؟؟؟
ئەوەته نابینن مندالەکان له شوێنی یاریکردن پەرتەیان نەکردووە!
بۆ نابینن شیرەخۆرەکان له باوەشی دایکیان خەویان لێکەوتووە!!!
بۆ نابینن ژنەکان له ناو کارکردنی مالیان دان!!!!!
پیاوەکان هێشتا هەر له مزگەوتان!
ئێوە چۆن بڕوا دەکەن، له یەک سات، مرۆڤ و گیاندار و بالدار و درەختەکان، هەر هەموویان به یەکەوە بمرن؟؟؟؟؟؟

بڕوا مەکەن، شتی وا هەرگیز نەبووە و هەرگیز نابێ.
ئەوانە نەمردوون ئەوانە خەوتوون.
لێیان گەڕێن دەستیان لێمەدەن، لە خەوی شیرینیان مەکەن.
گۆرانی و شیعر و پەخشانی ئازادیان بۆ بڵێن.
ئەمانە لە بێ ئازادیدا خەوتوون.
گۆرانی و
شیعر و
پەخشانی
ئازادیان بۆ بلێن
ئازادی.... ئازادی
ئەمانە لە بێ ئازادیدا خەوتوون.

١٦ی ٣ی ١٩٩٣